تره‌مپ: لوبنان به‌شێك نییه‌ له‌ ڕێككه‌وتنی ئاگربه‌ست له‌گه‌ڵ ئێران



دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆكی ئه‌مریكا رایده‌گه‌یه‌نێت، به‌هۆی حزبوڵاوه‌، لوبنان به‌شێك نییه‌ له‌ ڕێككه‌وتنی ئاگربه‌ستی نێوان وڵاته‌كه‌ی و ئێران.

دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆكی ئه‌مریكا، ئه‌مڕۆ چوارشه‌ممه‌، له‌ چاوپێكه‌وتنێكی ته‌له‌فۆنیدا له‌گه‌ڵ پەیامنێری پی بی سی نیوز، وه‌ڵامی چه‌ند پرسێكی له‌باره‌ی به‌رده‌وامیی هێرشه‌كانی ئیسرائیل بۆ سه‌ر لوبنان داوه‌ته‌وه‌.

پەیامنێره‌كه‌ لێی پرسیوه‌ كه‌ ئایا بینیویه‌تی كه‌ هێشتا هێرش ده‌كرێته‌ سه‌ر لوبنان، تره‌مپ وتویه‌تی "به‌ڵێ، ئه‌وان نێخرابونه‌ ناو ڕێككه‌وتنكه‌وه‌."

له‌باره‌ی ئه‌وه‌ی كه‌ بۆچی لوبنان نه‌خراوه‌ته‌ نێو ڕێككه‌وتنی ئاگربه‌سته‌كه‌وه‌، تره‌مپ

وتویەتیە"بەهێی حزبوڵڵاوە. ئەوان نێخرانە ناو ڕەکەکوتنکەوە. ئەوش چارسەر دەکرێت. ئاسایی."

هەروەها لەبارەی ئەوەی کە ئایا کێشەی نییە لەوەی ئیسرائیلییەکان بەردەوام بن لە لێدانی لوبنان، تەرمپ وتویەتی، "ئەو پێکدادانکی جیاوازە."

کاتێك پەیامنێرەکە پرسیاری ئەوەی لە تەرمپ کردوە کە ئایا پێشیمانە لەو پێستی "تروس سشیاڵ" کردی و تێیدا باسی لێناوبردنی شارستانیێتکی کرد، تەرمپ تەلەفۆنەکەی بەسەردا داخستەوە.